

# دەفتەری عاشقان

## شیعری وەرگێڕدراو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

# دەفتەری عاشقان

شیعری وەرگێڕدراو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

هەنگاوەکانت
کورت هەڵبگرە
تاک تاکی کاشییەکان
خۆشیان دەوێی!

سەیدە فاتمە شێخ ئیسلامی

خۆزگە

هەزارم دەستم دەبوو

هەزار قاچ

باوەشم پێدا دەکردی و

دەمدزیت.

جەلیل سەفەربێگی

جگە لە ئامادەیی تۆ

هیچ شتێکی ئەم جیهانە بێ سنوورەم

بە جدی نەگرتووە

تەنانەت عەشقیش.

حسێن پەناهی

دواییینەکان

هەمیشە مرۆڤ لە ناودەبەن!

دوایین پێک...

دوایین مژی جگەرە و

دوایین دیدار.

میلاد تارانی

من لە بۆنی هێوری هەواوە تێدەگەم
تۆ دەبێت بەمزوانە
لێرەوە تێپەڕیبی.

سەید عەلی ساڵحی

تۆ ڕۆیشتیوویت و

قەیرانی خواردنەوەی چایی بۆ تۆ لەم ماڵەدا

گرنگترین قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و

ئەم گەمژانەیش هێشتا لە سەر نەوت شەڕیانە...

پوریا عالمی

جلەکانم

بۆنی تۆیان لێدەهات

بە تەنافەکەدا هەڵمخستن!

مورتەزا غولام

کاتێک دەڕۆی

چند خولەکێک

لە کۆڵانەکەدا دەوەستم

هەرچی عەتری جێماوتە لە دەرەوە

هەڵی دەمژم و

دەیگێڕمەوە ماڵێ.

رۆزبە سوهانی

خۆشحاڵ دەگەڕێتەوە ماڵێ و
قژی دەکاتە پرچ
ئەو ژنەی ناوی مێردەکەی
لە لیستی کوژراوانی شەڕدا نەدۆزیوەتەوە .

جەواد گەنج عەلی

ماچەکانت

مردن دوادەخەن.

ماچم کە!

رەزا کازمی

دەزانم

نایەی

پەنجەرەکان بێ پەردە قسەم لەگەڵ دەکەن.

ڕەزا موحبی ڕاد

من هێڵی نەخوێندراوەی پەیکەری تۆ
پاچڤەی هەموو زمانەکانی دنیا دەکەم
تۆ بە لێوانت خاڵ لە سەر وشەی پەرێشانم دانی، لە زارمدا.
ئەسڵەن شیعر بۆ ماچکردنی تۆ نەبێت
بۆچی باشە؟

شاهۆ مەحمودی

لەو هەزاران ژنەی کە سبەی
لە شەمەندەفەرەکە دادەبەزن
یەکیان جوان و
ئەوانیدی موسافیرن.

عەباس سەفاری

لەگەڵ تۆ بوون

هەستی خۆشی سبەی رۆژی دوایین تاقیکردنەوەیە،

گەر بمێنییەوە

چما، هەموو تاقیکردنەوەکانی جیهان

کۆتایی هاتووە...

مەهدی ئەسڵیان

هەموو جارێ کە دەمەوێ بەرەو تۆ بێم
بیرم دەکەوێتەوە "دڵتەنگی"
هۆکارێکی باش نییە بۆ دووبارە کردنەوەی هەڵەیەک..

جەواد دەهنەوی

مردن بەشێکە لە ناسنامە
پەرەی دوای لە دایکبوون
بەش بە حاڵی خۆم مردنی ناو دەریام پێخۆشە
بەڵام ماسییەکان
لە وشکاییدا دەمرن.

یەزدان سوڵحشۆر

لە مندا
شێرەبەفرینەیەک هەیە
عاشقی هەتاو بووە و
ئەمەیش کورتکراوەی هەموو
چیرۆکە ئەویندارییەکانی جیهانە.

ئیحسان پەرسا

مردن کە داواکردنی ناوێ
بە پێی خۆی دێت
ئەو تۆی کە نایەی!

ڕەزا کازمی

لە کوێی بوونمدا وەستاوی
کە باڵات
لە هەموو ساتەکانمەوە دیارە؟!

تارا حەیدەری

نەخشەکە قەو دەکەم و

جیهان

دەخەمە گیرفانمەوە

"تۆ" تەنها چەند سانتیمەترێک

لە منەوە دووری!

سارا خۆشکام

ترس، واتا

من هەبم و تۆیش هەبی و

قسەیەک بۆ وتن

نەبێت!....

نیکی فەیروز کوهی

ئەی خۆزگە
یەکێک بێت و
کاتی رۆیشتن
نەڕوات....

سەید عەلی ساڵحی

واز لە رادیۆکە دەهێنم

شەپۆلێکی جوانتر

لە قژی تۆ

نادۆزمەوە!!!...

ماراڵ عەباسی

رەگەکان لادەن
لە ژێر شۆڕەبییەکدا بمنێژن
دەبێت بزانم ئەم عەشقە
ئاو لە کوێ دەخواتەوە!

رەزا موحبی راد

لە پشت هیچ گڵۆپێکی سوورەوە

ناوەستم

کاتێک چاوەکانی تۆ

سەوزن.

شایان ئەفزەلی

ئازار،

جوگرافیایەکە

تۆ لە هیچ شوێنێکیدا نیت...

سوهراب کەریمی

ئەم ڕۆژانە

زۆر شت لە دەستی مندا نییە

بۆ نموونە

دەستەکانت...

ناسر ڕەعیەت نەواز

هیچ چاویلکەیەک

دووری تۆ

نزیک ناکاتەوە...

ناسر رەعیەت نەواز

دانیشتی و باسی ژیانت کرد

باست کرد و

باست کرد...

بێئەوەی بزانی ژیان

ئەو دەستەیە کە جارجارێ

لە ملمی دەکەیت!

سەید مەجید حسێنی

مشتێک ئاه

یەک دنیا گلەیی

پیاڵەیەک پرسیار

دڵتەنگی:

بە بڕی پێویست و

دەرفەتێک لە کات

نانی ئەم ئێوارەیە

ئامادەیە.

شەهناز ئیسحاقی

تۆ دەزانی؟
ئەگەر ئەشکەوت نەبوایە
مرۆڤ لە جێگەیەک وندەبوو
وەک چۆن خودا، لەودیو پەرژینەکانی نەزانییەوە ونبووە!

شەهاب سەلیمیان

هەموو شتێک باش دەبێت

ئەگەر

ئاوێنەی ئەم ژوورە

تۆی بیربێتەوە!

زانیار پەروەر

چاوەکانت
ئەوەندە پەرجوو بوو
کە خودای وەسوەسە دەکرد
دووبارە پەیامبەرەکانی
رەوانەی سەر زەوی بکات!

زانیار پەروەر

لە دارڕشتنەکانی مەکتەب
پەشیمانم
بیر لە چاوەکانت دەکەمەوەو
حەز دەکەم
لە داهاتوودا
ببمە "دزی دەریایی!"

زانیار پەروەر

به کاتی دڵتەنگی

جیاوازی نییە لە کوێ بیت:

لەودیو پەنجەرەی ژوورێکەوە لە پاریس

لە نێو ئاپۆرای شەقامەکانی تاران

یا لە سەر پردێکی دارین لە دارستانەکانی ئەفریقا

بەهەرحاڵ،

بە دڵنیاییەوە خۆرئاوایەک بۆ سەیرکردنی دەدۆزییەوە!

ڕەزا کازمی

کاتی ژوانمان وەرزی ترێ
کە بوومە شەراب وەرە

تۆ جام بێنەو منیش گیان
ترسم نییە...
جامی خاڵی لە گیان پڕکە
ترسم نییە...
هەر تۆ شادبە
بۆ من بەسە...

بەهامین

سەیرم ناکەیت و
بەردی بێدەنگیت
بوغزم دەشکێنێ!

بەهمەن فاتمی

ئەم فرمێسکانە ئازار نین
ژنێک لە چاوەکانمدا دانیشتووە و
پیاز دەجنێ!

رەزا موحبی راد

تەنها ئەگەر یەکێک لە بتەکان

شێوەی لە تۆ دەچوو

ئیبراهیم تەورەکەی

فڕێدەدا.

ڕەزا دەستجردی

با
پەڕەی دەفتەرە شیعرەکەمی
لەگەڵ خۆی برد
سبەی هەموو شار
عاشقت دەبن!

حەسەن خورەمی

خەو
چاویلکەیەکە
کە لە چاوی دەکەم
تا تۆ
نزیکتر ببینم.

یاوەر مەهدی پوور

چەندین جار لە دایکبووم

تا لانیکەم

یەکێک لە من

مردنی لە باوەشدا ئەزموون کردبێت.

رۆزبە سوهانی

ئەم شیعرە کورتە و
دەستی ناگاتە جوانییەکەت

تەیبە تەیموری

هەموو شاخەکانم دایە بەر قوڵنگ و
تۆ نەبوویتە شیرین.

سەعید تاهیر نەژاد

خانم

بزە لە رووخسارم نایە

دەبێت لەم وێنەیەدا

تەنها ئازار بچێژم..

محەمەد رەزا بەراری

ئەم ڕۆژانە
لە هەمیشە زیاتر
شیعر دەخوێنمەوە
دەبێت دڵنیابم
بەر لە من
تۆیان
نەکردبێتە شیعر.

سەمانە سەوادی

وتم زۆر جوانی!

تۆیش بە شەرمەوە پێکەنیت

بۆنی ماچ لەم کەنینە بێگەردە دێت...

محەمەد رەزا تاهری

تا هاتمەوە سەرخۆ

شەڕ باوکمی برد و

بانکیش خانووەکە.

سەید ئەحمەد حسێنی

دوای تۆ

هیچ نامەیەک نەگەیشتە

مەبەست.

سەید ئەحمەد حسێنی

یا همیشە درەنگ بوو بۆم

یا زوو لە دەستم ماندوو بوون

من گەیشتمە هەر کەسێک

ساتی ماڵئاوایی بوو...

زەهرا عاملی

لەبری لێوەکانت
جگەرەیەک بە لیوەوە دەنێم و
لە بری خۆم
جگەرەیەک پێدەکەم.

عەلی رەزا رۆشن

لە نێوان من و تۆدا
سنوورەکان زۆرن
بەڵام دەستەکانمان
جوگرافیا ناناسن!

تارا حەیدەری

رۆژێک دێی و

لە گۆرسانێکی دوور

فوو بە ئێسکمدا دەکەیت

تا شیعرە نەنووسراوەکانم بژنەوی.

ڕەسوڵ یۆنان

تۆ وتت باڵندەت خۆشەوێ
بەڵام لە قەفەست هاویشتن
تۆ وتت ماسییەکانت خۆشەوێ
بەڵام سوورت کردنەوە
تۆ وتت گوڵەکانت خۆشەوێ و
کەچی لێتکردنەوە
بۆیە ئەو کاتەی وتت منت خۆشەوێ
ترس هەڵیگرتم.

ژاک پریڤێر

فرین کوا چێژی هەیە

کاتێک

هەنگێکی کرێکار بیت

کە نەتوانی

عاشقی شاژن بیت.

جەلیل سەفەربێگی

هەتاوم خۆشەوێ
لەبەر کراسەکەت بە تەنافەکەوە
بارانیش گەر دەبارییە سەر چەترە شینەکەت
لەبەرئەوەی تۆ نوێژت کردووە
بوومەتە خوا پەرست.

بێژەن نەجدی

گرنگ نییە

خۆت هەبیت یا

ئەو وێنەیەی کە ساڵانێکە لە کونجێکی ژوورەکە

ماوەتەوە

گرنگ ئەوەیە

بە جۆرێک لە جۆرەکان هەبیت.

سابیر سادە

دەبێت هەندێک
لە گۆرانییەکان رامووسی
تەنها بەو گومانەی
تۆ زەمزەمەت کردووە!

زانیار پەروەر

سەرقاڵی خۆشویستنتم
وەک ئەو سەربازەی
ساڵانێکە
لە رەبییەیەکی فەرامۆشکراو
ئێشک دەگرێ و
بێ ئاگایە لەوەی شەر تەواو بووە!

زانیار پەروەر

دەستەکانم بۆنی گوڵی لێدەهات
بە تاوانی گوڵ چنین
دووریانخستمەوە بیابان و

کەسێک نەیوت
ڕەنگە
گوڵێکی ڕواندبێت.

سینا بەهمنش

خەفەت

شیعر نییە

خەفەت

مرۆڤێکە

کەشیعر دەنووسێت.

علیری رەزا روشن

منم هەنارێک لە وەختی گەنیندا!

تا توورِیان نەداوم

بە هەر دوو دەست دەموچاوم بگرە و

لێوەکانم بمژە !

علیری رەزا روشن

کاتێک خودا دەیویست تۆ بخوڵقێنێ
حاڵێکی چەند خۆشی هەبوو،
چ تاقەت و حەوسەڵەیەک!
ئەم قژە، ئەمچاوانە....
خۆت دەزانی؟
من هەموو ئەمانەم خۆشەوێ.

عەباس مەعروفی

منداڵیم خۆشدەویست

ئەو رۆژانەی لەبری دڵم

سەر ئەژنۆکانم زامدار بوو.

حسێن پەناهی

لە دوایین جارێکەوە
کە عاشقت بووم
ئیدی نەمردووم.

کەیکاوس یاکیدە

کە ناوت

هاتە سەر شاشەکە

مۆبایلەکەم لەرزی

سیدە فاتمە شێخ ئیسلامی

هەنگاوەکانت
کورت هەڵگرە
تاک تاکی کاشییەکان
خۆشیان دەوێیت..

سیدە فاتمە شێخ ئیسلامی

وەرە پێکەوە وێنەیەک بگرین
وێنەیەکی دوو کەسی
من سەیری کامێراکە دەکەم و
تۆیش سەیری من
نامەوێ چاوەکانت بچنە تۆماری مێژووەوە.

سیدە فاتمە شێخ ئیسلامی

جیهانی ئێمە

لە چوارچێوەی ئاوێنەیەکدا کورت کرابۆوە

کە تەنها مانەیەکی دەدایە

هەزار دەموچاو

تەنها مانایەک.

شەهاب موقەربین

دەمویست بتهێڵمەوە

دەموبست لە مشتمدا بی

هەرچەندێک مشتم توندتر بوو

زیاتر تۆم لە دەستدا

تۆ لە ئاو دەچووی...

حسێن ئازەری

تەنانەت دەنگی ئەم قەلەڕەشە پاییزییەیش
خۆشویستنت لە مندا
گەرموگوڕتر دەکات.

عەباس حسێن نەژاد

هەندێ کات

دڵتەنگیش شتێکی خراپ نییە

دەبێتە هۆی ئەوەی

بیر لەتۆ بکەمەوە بێئەوەی بزانم

کات چۆن تێپەریوە.

سیدە ئاوا شەمس عالەم

گۆڕەکانیش کرێکارن
لەبەرئەوەی گەر سەرمایەدار بوونایە
بە دڵنیاییەوە دەبوونە ئارامگا.

سابیر هاکا

خۆزێ ئەمشەو
قژت نەکەیتە پرچ
بە هەزار فەلاکەت دڵتەنگییەکەم
دامرکاندۆتەوە!

بەهرەنگ قاسمی

چارەیەکی دی نییە!

دەبێت بە هەڵە کەسێکم لێببێتە

تۆ و

هەموو شەوێ

لە هاوباوەشییەکەی

خەفەتێک

بخەمە سەر حەشیمەتی جیهان...

سەبا کازمیان

من ژیانم خۆشەوێ
بەڵام لە ژیانی دووبارە دەترسم!
ئایینم خۆشەوێ
بەڵام لە پیاوانی ئایینی دەترسم!
یاسام خۆشەوێ
بەڵام لە پاسەوانەکان دەترسم !
عەشقم خۆشەوێ
بەڵام لە ژنان دەترسم!
منداڵانم خۆشەوێ
بەڵام لە ئاوێنە دەترسم!
حەزم لە سڵاو کردنە
بەڵام لە زمانم دەترسم!
من دەترسم، کەواتە هەم
بەم شێوەیە تێدەپەڕێ ڕۆژ و ڕۆژگارم
من ڕۆژم خۆشەوێ
بەڵام لە ڕۆژگار دەترسم!

حسێن پەناهی

باوکت لە سەر شەقامەکان
شۆڕشی هەڵگیرساند و
تۆیش
لە دڵی مندا....

نیما معماریان

خودایە

حەوت ملیار مرۆڤ بۆ تۆ

ئەم تاقە کەسە بۆ من.

زەهرا یوسف

یەکێک هات و وتی سڵاو
یەکێک ڕۆیشت و وتیماڵاوا...
لەم نێوەدا،
یەکێکیش هەبوو
کە ئەسڵەن نەهات!

ڕەزا کازمی